٢٠١٥/٤/٢١ — ٢٠٦٦

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی برگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر پێشنیاری ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٧)ی رۆژی ٢٠١٥/٤/٧ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٥
## یاسای هەموارکردنی جێبەجێ کردنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان

**ماددەی (١):**

کارکردن بە حوکمی ماددەی (٤٠٩)ی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو، رادەگیرێت.

**ماددەی (٢):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٣):**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

لەپێناو چەسپاندنی دادگەری و هێنانە کایەی کۆمەڵگایەکی دوور لە توندو تیژی و جیاکاری رەگەزی ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**یوسف محمد صادق**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**